



# له دڵنیاییه‌وه بۆ گومان

## به پاساوی ڕۆمانی «زەندیقەکەی بەغدا»وە

سەباح ئیسماعیل
(کەرکووک)

«ئەگەر مرۆڤ لە دڵنیاییەوە دەستی پێ کرد دەگاتە گومان، ئەگەر لە گومانیشەوە دەستی پێکرد دەگاتە دڵنیایی»
**فرانسیس بیکۆن**

ئەدەبی کوێتی یەکێکە لە ئەدەبە دەوڵەمەند و پێشەنگەکانی ناوچەی کەنداو، کە بەهۆی کراوەیی کۆمەڵگەی کوێت و زوویی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ڕۆشنبیری تێیدا، تایبەتمەندییەکی جیاوازی هەیە، بەڕادەیەک کۆمەڵگەی کوێتی لە ڕووی شانۆ و دراماوە بە «هۆلیوودی کەنداو» ناسراوە. هەڵبەت سەرکوتکردن و زەوتکردنی ئازادییەکان، هیچ شتێکی لێ ناکەوێتەوە، بێجگە لە کۆمەڵگەیەکی لاواز، کۆمەڵگەیەکی رووکەشی ناسک نەتوانێت درێژە بەتەمەنی بدات، کۆمەڵگەیەک تێیدا گومان و دڵەڕاوکێ و ترس و دوودڵی و گۆشەگیری و کشانەوە بۆ ناوەوە بڵاوبێتەوە.

ئازادی مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ ڕێنیسانس، ئەو ئازادییە بەرپرسیار و ڕێکخراو و هۆشیارەی ماف و ئەرکەکان ڕەچاو دەکات، هەروەک چۆن بەرژەوەندیی تاک و بەرژەوەندیی کۆمەڵگە ڕەچاو دەکات و پردی پێوەندی لە نێوان «من» و «ئەویدی»دا دروست دەکات.

لە دەوڵەتۆچکەی (کوێت)دا نووسەری دیار و پێشەنگ سەریان هەڵداوە، لەوانە (فەهد ئەلعەسکەر، خالید فەرەج، عەبدولعەزیز ئەلسەریع، لەیلا عوسمان، سوعاد ئەلسەباح، ئیسماعیل فەهد ئیسماعیل، سعوود ئەلسنووسی، عەبدولحوسێن عەبدولڕەزا، ئەحمەد سەڕاف، مونا ئەلشمەری، بوسەینە ئەلعیسا، تاڵب ڕیفاعی، جەعفەر ڕەجەب).

هەڵبەت نووسەرانی کوێت بوێرانە دەنووسن و سڵ لەوە

ناکەنەوە کە دەیانەوێت بیڵێن، ئەوەتا ڕۆمانێکی وەک «زەندیقەکەی بەغدا» بەو پێیەی تێیدا ئاوەز گەمارۆ نادرێت، ڕەنگە لە زۆر وڵاتی تری عەرەبیدا چاپ بووبووایە، ڕێگەی بڵاوکردنەوەیان نەدابایە و قەدەغە بکرایە، چونکە ئەم کتێبە بۆ کەسانێک دەست نادات کە خاوەن بیرکردنەوەی کلاسیکین و لە ڕەخنەوە دوورن، یان خوێنەری بێزارکەرن، کتێبێکە لە خوێندنەوەدا پێویستی بە ئارامی و وردبوونەوە هەیە، نووسەرەکەی بایەخی زۆری بە هەموو بڕگەیەک داوە و زۆر پێوەی ماندوو بووە، بێجگە لە زمانە پڕ لە ڕەوانبێژییەکەی و لەسەرووی هەمووشیانەوە بوێریی نووسەر لە خستنەڕووی بۆچوونەکاندا. ڕۆمانەکە بە شێوازێک نووسراوە وا لە خوێنەر دەکات تامەزرۆی ڕووداو و ڕستە پڕ مانا و ڕەخنە وردەکانی ببێت، ناوەڕۆکی کتێبەکە پتر هزر و بیروبۆچوونی ڕەیوەندیی لەخۆ گرتووە وەک لە گێڕانەوەی ژیانی ڕەیوەندی خۆی.

«زەندەقە بیروباوەڕێکە، پێی وایە بوونەوەر کۆن و ئەزەلییە و سەرەتای نییە، کاتێک نییە نەبووبێت. وشەی زەندەقە بۆ زەردەشتی و مانەوییەکان و هەموو ئەوانەی بڕوایان بە هەبوونی دوو خودا هەیە بەکارهاتووە، دوایی مانای گشتیی تریان پێ داوە و هەر کەسێک گومانی لە تاک و تەنیایی خودا هەبێت، یان گومڕا بێت، یان هیچ ئایینێکی نەبێت پێی گوتراوە زەندیق». (١)

لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپادا دادگەکانی پشکنین، یان لێکۆڵینەوە لە بیدعە هەرتیقییەکان لە سەدەی پازدە و شازدەدا ڕۆڵێکی کارایان لە سەرکوتکردنی نەیاراندا هەبوو، وەک ئامرازێکی سیاسی بۆ تۆمەتبارکردنی هەرتیقیان و لە ئایین دەرچووان، بە تایبەتیش دژی جوو و ئەو موسڵمانە مۆریسکییانەی دوای دەرکردنی ئیسلام لە ئیسپانیا، لەترساندا بە ڕووکەش بووبوون بە کریستیان.

جیۆردانۆ برۆنۆ (١٥٤٨-١٦٠٠ز) ڕەبەن و فەیلەسووفێکی ناوداری ئیتاڵی بوو، بڕوای بە تیۆرەکەی کۆپەرنیکۆس دەربارەی سووڕانەوەی زەوی هەبوو، ئەو دەیگوت گەردوون بێکۆتایە و زەوی ئەستێرەیەکە لە گەردووندا، نەک سەنتەری گەردوون، ئەمە بۆ کڵێسا قورس و دژی لێکدانەوە و بۆچوونەکانی کڵێسا بوو، بۆیە لەلایەن دادگەکانی پشکنینی ڕۆمانییەوە بە تۆمەتی نکوڵیکردن و ڕەتکردنەوەی بیروباوەڕە بنچینەییەکانی کاسۆلیکی بە بێ دین، یان هەرتیقیان دانا، ساڵی ١٦٠٠ لە گۆڕەپانی کامپۆ دی ڤیتۆ حوکمی سووتاندنیان بەسەردا دا.

دەکرێت لیستێکی درێژ بەناوی ئەو ڕووناکبیر و یاخی و ئازادیخوازانەوە بنووسین کە کڵێسای کاسۆلیکی بە تۆمەتی هەرتەقە بڕیاری سووتاندنی داون، یان بە هەرتیقیان تۆمەتبارکردوون، لەوانە (جیۆردانۆ برۆنۆ، سپینۆزا، دیکارت، گالیلیۆ گالیلی، تۆماس کرانمەر، ژان دارک، جۆن ویکلیف، جیرۆلامۆ سافۆنارولا، فرا دۆڵچینۆ، یان هوس...).

دواتر ساڵی ١٦٥٦ جوولەکانی ئەمستردام، «باروخ سپینۆزا»ی فەیلەسووف دەردەکەنە دەرەوەی ناوەندە ئایینییەکەی خۆیان، بە نەفرەتی دەکەن و ڕەتی دەکەنەوە و وەلای دەنێن و لە ڕیزی بڕوادارانی جوو دەری دەکەن، ئەوجا نابێت کەسیش شتێک بخوێنێتەوە ئەو نووسیبێتی. «سپینۆزا خۆی کەسێکی باوەڕدار بوو، دژی ئایینی پیاوە ڕەسمییەکانی دین، دینی ئەوانەی ماکس ڤیبەر ناویان دەنێت فەرمانبەرانی کاروباری موقەددەس. دژی دینی هێز و تاکەکەسە سوننەتگەر و تەقلیدییە داخراوەکانی سەردەمی

خۆی بوو، کە بێجگە لە تێگەیشتنی خۆیان بۆ دین، هیچ تێگەیشتنێکی دیکەیان قبووڵ نەبوو».
(٢) یانی ئەوانی باوەڕیان وابوو پەروەردگار لە ئاسمانە، ئەوانەیان دەکوشت و لەداردەدا، چونکە باوەڕیان وابوو خودا لە دڵاندایە.

«لە مێژووی ئیسلامیشدا شتێکی لەو بابەتە و خراپتریش بەرانبەر بە ئیبن ڕوشدی گەورە فەیلەسووف کراوە. وەک سپینۆزا، ئیبن ڕوشدیش بێدین دەکرێت و دەردەکرێت و دوور دەخرێتەوە، ئەمەش لە تەمەنێکدا (٧٢ساڵی) ڕووبەڕووی ئەم کارە دەبێتەوە، ئەو کاتە خاوەنی چەندان کتێبی فەلسەفی و خوداناسیی گەورە و گرینگ بووە. لە بەیانی تۆمەتبارکردنەکەدا هاتووە: «لە ناو تاریکیی بێئیمانیدا نوقمە.. لە دەرەوەڕا خۆی بە کتێبەکەی خوداوەند داپۆشیوە، بەڵام لە قووڵاییدا پڕە لە ئینکارکردن و ڕەخنەکردنی خوداوەند». (٣)

ئەوجا بڕیار دەدرێت ئیبن ڕوشد لەبەردەم مزگەوتێکدا ڕابگیرێت و هەر کەسێک بچێتە ناو مزگەوتەکەوە، دەبێت تفێک لە سەروڕیشی ئیبن ڕوشد بکات.

لە مێژووی ئیسلامدا ناوی گەلێک زەندیق هاتوون، یان زۆر کەسن تۆمەتی زەندیقییان دراوەتە پاڵ و کافرێنراون، ئازار و ئەشکەنجە دراون، یان کوژراون، یان دوورخراونەتەوە، لەوانە (ئیبن سینا، ئیبن ڕوشد، فارابی، کیندی، ئەلڕازی، ئەبوو عەلای مەعەڕی، خوارزمی، ئەبوو حەیان، عەباس بن فرناس، ئیبن هەیسەم، ئیبن باجە، ئەلمەسعوودی، ئیبن موقەفەع، بەشار بن بورد، ئەبوو نەواس، ساڵح بن عەبدولقەدوس، سوهرەوەردی، بن ئەلسەکیت، ئیبن زەیات، ئیبن سەبعینی ئەندەلووسی، سەدیف بن مەیموون، ئەبوو نوخەیلە، دوعبل ئەلخوزاعی، عەلی بن جەبەلە، ئەبوو ئەلیەنبوغی، ئەلفەزڵ بن سەهل، قوڕەتولعەین، ئیبن ڕۆمی، جونەیدی بەغدادی، حەللاج، ئەبوو عیسا ئەلوەڕاق، ئیبن ڕەیوەندی و....) زۆری تریش.

هەندێکیان لەبەر ئەوەی بوێر بوون و پێش سەردەمەکەیان کەوتبوون و سنووریان بەزاندبوو، خوێندنەوەی پێشوەختیان بۆ ڕووداو و دیاردەکانی سروشت و لێکدانەوەی دروستی ئایەتەکانی قورئان هەبوو، بەمەش گەلێک نەزانیان جێلەق دەکرد و ڕەوانەی ماڵەوەیان دەکردن، بۆیە ئیرەییبەرانی کاڵفام، چونکە وەڵامیان بۆ پرسیارەکانیان نەبوو، تۆمەتی زەندیقییان دانە پاڵ. زۆر لە مێژوونووسان پێیان وایە تۆمەتی «زەندیقبوون» لە مێژووی ئیسلامیدا تەنیا لایەنێکی ئایینی نەبووە، بەڵکوو زۆرجار وەک چەکێکی سیاسی بۆ لەناوبردنی نەیارانی دەسەڵات، یان ئەو کەسانە بەکارهاتووە کە کاریگەریی فکرییان هەبووە.

«ڕاستییەکەی پێکدادان و ململانێی نێوان چەند گرووپێکە لەسەر دەسەڵات و پاراستن و بەرگریکردن لە کۆمەڵێک دەسکەوتی دنیایی» (٤)

لە سەردەمی عەباسییەکاندا (٧٥٠ - ١٢٥٨ز) گەندەڵی و تیرۆر و تۆمەتبارکردنی بێبەزەییانە و بۆ گەیشتن بە لووتکە، لەسەر تەختی دەسەڵات باوک کوڕ و کوڕ باوک و برا برای دەکوشت. وشەی «زەندیق» بووە هاوشانی هەر کەسێکی ناتەبا لەگەڵ بیروڕا و دەسەڵاتی پیاوانی ئایین و نەیارانی خەلافەت. سیستمی باج و خەراج و زوڵم و ستەمی کۆمەڵایەتی بە ناوی ئایینەوە گەیشتبووە چڵەپۆپە.

ئاکاری خەلیفەکان و دارودەستەکەی لە بەهەدەردانی پارە و سامانی وڵات و خۆشگوزەرانی خۆیان لەسەر حیسابی برسیکردنی خەڵک و زیاتر هەژار کردنیان، سیستمی فەرمانڕەواییان تووشی چەندان گرفتی ئابووری و کۆمەڵایەتی کردبوون. کاربەدەستانی

خەلیفە بەتوندی کەوتبوونە وێزەی خەڵک، سڵیان لە هیچ جۆرە ستەم و نادادپەروەرییەک نەدەکردەوە. خەڵک نەیاندەزانی پەنا بۆ کێ و دەنگی ناڕەزایی بەکێ بگەیەنن، چونکە خەلیفەی موسڵمانان لە هەموویان گەندەڵتر بوو، بۆیە ناڕەزایی و دەنگهەڵبڕینی خەڵکی ناڕازی سەرەتا لە ڕێگەی هۆنراوە و گۆرانی و چیرۆکەکانیانەوە بوو.

«بەهۆی ئەو سیستمی باج و خەراجەی کە دەسەڵاتداری پەیڕەویان دەکرد، زوڵم و ستەمی کۆمەڵایەتی گەیشتە چڵەپۆپە. ڕەوشت و ئاکاری خەلیفەکانی ئیسلام، کاربەدەستانی دەربار و دەستوپێوەندەکانیان و یاریکردنیان بە خەزێنەی دەوڵەت و هەڵپەکردنیان بۆ خۆشگوزەرانی و گوێنەدانیان بە ژیانی خەڵک، سیستمی فەرمانڕەواییان دووچاری چەندان گیروگرفتی ئابووری و کۆمەڵایەتی کرد». (٥)

«کاربەدەستان دەستیان بەسەر ماڵی ژێردەستەکانی خۆیاندا دەگرت و خەلیفەکانیش دەستیان بەسەر ماڵی وەزیرەکاندا دەگرت، کار گەیشتە ئەوەی بەڕێوەبەرایەتییەک دابمەزرێنن بەناوی بەڕێوەبەرایەتیی دەستبەسەرداگرتن» (٦)

والیی میسر داوا لە خەلیفە سلێمانی کوڕی عەبدولمەلیک دەکات، «کەمێک بەزەیی بە جووتیاراندا بێتەوە و ڕێژەی خەراجیان لەسەر کەم بکاتەوە، خەلیفەش وەڵام دەداتەوە:

«تاشیریان تێدایە بیاندۆشە، کە نەما خوێنیان بدۆشە». (٧)

جەماوەری زۆرلێکراوی چەوساوە لەژێر زەبری چەوسانەوەی دەرەبەگایەتیدا هاوار وناڵەیان بوو، لە ڕێگەچارە و تروسکەیەکی ئومێدبەخش دەگەڕان. هیچ هیوایەک بۆ باشتربوونی دەسەڵات و چاکسازی و ژیان گوزاراندن نەمابوو، گەندەڵی هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی گرتبووەوە، بۆیە لەم لا و لەو لا دەنگی ڕەخنە و ناڕەزایی بەرزدەبووەوە، ئاکام چەندان ڕاپەڕینی جەماوەری سەریان هەڵدا، لەوانە ڕاپەڕینی بابەکی خوڕەم، زەنگ و بزووتنەوەی قرمتییەکان، ئەگەرچی هەموو ئەم ڕاپەڕین و بزووتنەوە و ناڕەزاییانە خەلیفەکانیان لە خەوی خۆشی خۆیان و بێئاگایی لە دۆخی کۆمەڵگە و ڕابواردنی شەو و ڕۆژیان بێدار نەکردنەوە، چونکە خۆیان بە سایەی خودا لەسەر زەوی دادەنا، هەرگیز ئاوڕیان لە ڕابوردووی خۆیان و لە حاڵی ئێستای میللەت نەدەدایەوە، سەردەمەکەیان لە گشت لاوە بۆنی ناپاکی و بێئەمەکی و دڵڕەقیی لێ دەهات. هەر لە سەردەمی خەلیفە متەوەکیلدا ئەوەندە کۆشک و تەلاری شاهانە بنیادنران، خەزێنەی دەوڵەت کەوتە سواڵ.

خەلیفەکان خۆشگوزەرانی و کەیف و سەفای فەرمانڕەوایی و تەخت و تاج دڵی بردبوون، ئامادەبوون بۆ مانەوەی خۆیان دەست لە هەموو بەهاکان بەربدەن و نزیکترین کەسی خۆیان لەپێناوی مانەوەدا، یان بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات لەناوبەرن. ئەوەتا خەلیفە مەئموون ئەمینی برای دەکوژێت. خەلیفە متەوەکیل بەدەستی موستەنسری کوڕی دەکوژرێت، موستەنسریش پزیشکە بەرتیلخۆرەکەی دەیکوژێت. خەلیفە ئەلموعتەزبیللا، ئەلموئەیەدی برای دەکوژێت، دواتر خەلیفە ئەلموعتەزبیللا، ئەلمەهدیی برای دەیکوژێت، خەلیفە ئەلموعتەمید عەلەلڵلا دەرمانخوارد کرا.

لە سەرەتای سەردەمی یەکەمی عەباسیدا دوای ئەوەی دەسەڵاتداران هەستیان کرد زەندیقان و بیروباوەڕیان بوونەتە هەڕەشە لەسەر دەسەڵاتیان، ئیدی بووبوونە جێگەی مەترسیی تەواو، بۆیە شەپۆلێک لە تیرۆری باوەڕمەندیی پاکتاویی دیکە ڕووی دا، ئەوی خەلیفە ئەلمەهدی و ژمارەیەک خەلیفەی عەباسی لە دوای خۆیان ڕابەرییان کردن،

لە ژێر دروشمی جەنگان دژی زەندەقە و زەندیقان جێبەجێ کران، ئەو تۆمەتەی زۆر جار بڕوابوون بە باوەڕێک، یان بیری مەجووسیی دەگەیاند، دەرەنجامی ئەو شەپۆلانە تەشەنەکردنی تیرۆر و ترس و تۆقان و زمانلێدان و کوژرانی سەدان قوربانیی بێتاوانی کۆمەڵگەی لێ بووەوە، لەگەڵ لەداردانی بەپەلە و ئەنقەست لەسەر دەسیسە و تۆمەتی گومانلێکراو و زمانلێدان.

«دوای مردنی مەنسوور، ئەلمەهدیی کوڕی جێی گرتەوە، لە کارە هەرە ورووژێنەرەکانی پێوەند بە میتۆدی توندوتیژیی خوێنڕێژی، ئەو هەڵمەتە خوێناوییە بەرفراوانە بوو کە دژ بەوەی بە زەندەقە و زەنادیقەیان ناودەبرد، ئەوەبوو خەلیفە دامەزراوەیەکی تیرۆریستیی خوێنڕێژیی دروست کرد و هەموو دەسەڵاتێکی عورفی پێ بەخشی. ڕێی پێ دان هەموو ئەوانەی ڕەوانەی لایان دەکرێن بەتۆمەتی زەندیقی بەهەق و ناهەق بکوژن و لەداریان بدەن. ئەو دامەزراوەیە لە دادگەکانی پشکنینی خوێناوی دەچوو، کە لە ئەورووپا دامەزرا، سەرۆکەکەشی بە (صاحب الزنادقة) ناودەبرا. بەسەدان کەس بەدەستی ئەو دامەزراوەیە و لقەکانی لە شارەکانی دی لەداردران، لە نێو ئەو قوربانییانەدا گەلێک شاعیر و زانا و ڕۆشنبیریان تێدابوون. هەندێکیان بەتۆمەتی گومان لەداردران، زۆریان لەسەر بنەمای زمانلێدان و تۆمەت بۆ هەڵبەستن دەگیران، ئەلمەهدی بەجددی بەدواداچوونی بۆ زەندیقان و لەناودانیان دەکرد و بەدوایاندا دەگەڕا و لەسەر تۆمەت دەیکوشتن». (٨)

لەم نێوەدا گەلێک شاعیر و نووسەر و زانا لە سۆنگەی ڕەخنە و نووسینەکانیانەوە بوونە قوربانیی نەزانان و چەواشەکارانی سەردەمەکەیان و لەخۆڕا تۆمەتی حازربەدەستی کافری و زەندیقبوونیان دەدایە پاڵیان، یان بە هەر بیانوویەکی دی لەناویان دەدان.

ناکۆکیی توند «لە کەسێتیی ئەلمەهدیی فەرمانڕەوای عێراق و توندڕۆیی و پەلەکردن لە خووخدەی، هۆکاربوون بۆ ئەوەی دواتر بەشار بن بورد-ی هاوەڵ و هاودەمی بەبەهانەی لە ئایین هەڵگەڕانەوە بەو شێوە دزێوە بکوژێت» (٩)

هەروەها خەلیفە هاروونە ڕەشید، شاعیری ناسراو ساڵح بن عەبدلقەدوسی بەتۆمەتی زەندەقە کوشت و ساڵی ١٦٧ک/ ٧٨٣ز لەسەر پردێکی بەغدای هەڵواسی، ئەمەش دوای دادگاییکردنێکی بەڕواڵەت، وێڕای ملکەچی و باوەڕداری و پەند و ئامۆژگاری و وتە بەنرخەکانی، کە لە قورئانەوە وەریگرتبوون.

حەللاج-ی شاعیری گەورە و فەیلەسووف لە دوا قۆناغی ژیانیدا لە خەڵوەت و دوورەپەرێزیی سۆفییان دووركەوتەوە، چونکە نەیتوانی وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە بداتەوە بیر و هۆشی ئەویان ورووژاندبوو، ئیدی چاوی لە زەوی بڕی و بەکردەنی تێکەڵی کۆمەڵگەکەی و ململانێ کۆمەڵایەتییەکان بوو، «لە قۆناغێکی دیاریکراوی گەشەکردنی فیکریدا بەرەو ڕووی مامۆستا و ڕابەرەکانی دەبێتەوە و لەگەڵیاندا دەکەوێتە ناکۆکییەوە، تا حاڵ دەگاتە ئەوەی نەفرەتی لێ بکەن و تۆمەتی کافری و بێدینیی شوێن بخەن». (١٠)

ئیدی لە سۆنگەی دەسیسە و زمانلێدانی بەدرۆ و بە تۆمەتی کفر و زەندیقی بە فەرمانی خەلیفە ئەلموقتەدیر هەزار جەڵدەی لێ دەدرێت و چوارپەلی دەبڕنەوە، ئەوجا سەری دەبڕن و تەرمەکەی دەسووتێنن، «هەروەها هەڕەشەی لە هەندێک لە هاوەڵانی حەللاج کرد بەدرۆ دژی شایەدی بدەن گوایا داوای خوایەتیی کردووە» (١١)

ئیبن ڕەیوەندی (٨٢٧ - ٩١١ن)، توێژەر و

وتاربێژی ئێرانی، وەک یەکێک لە بەناوبانگترین ڕەخنەگرانی فیکری ئایینی بەرهەمی منداڵدانی ئەم ژینگە پڕ لە زەبروزەنگ و گەندەڵی و نەزانی و تۆمەت بەخشینەوەی خۆڕایی و ئیرەیی‌بردنە بەیەکدی بوو. ئەو عەودالی دووی زانیاری و زانین بوو، نیشتمانی خۆی جێ هێشت و ڕووی لە بەغدای پایتەختی خەلافەتی عەباسی کرد، ئەودەم خەلیفە متەوەکیل فەرمانڕەوا بوو، لەوێ بوو بە یەکێک لە گەورە پیاوانی موعتەزیلە، پێش ئەوەی لێیان هەڵگەڕێتەوە و کتێبی «فضيحة المعتزلة – ئابڕووچوونی موعتەزیلە»یان لەسەر بنووسێت، پاشان بۆ ماوەیەک بوو بە شیعە، دواتر چاوی بە «ابو عيسى الوراق» کەوت، ئیدی ئەم کابرایە وەک «مامۆستا و هاوەڵی، ڕێڕەوی ژیانی گۆڕی، دوای ئەوەی گومانی لە دڵیدا چاند، بوو بە یەکێک لە گەورەترین و ناسراوترین زەندیقەکانی سەردەمی خۆی و سەردەمانی دواتریش». (١٢)

ئیبن ڕەیوەندی «بەبێ ڕکابەر مامۆستای سەدەی سێیەمی کۆچی و دیارترین بیرمەندانی ڕۆشنگەری بوو و لە هەموویان باڵاتر و لە بنیادنانی ئەقڵییەتی زانستی بۆ لێکدانەوەی ژیان و ئایین لە ڕوانگەیەکی مرۆڤایەتییەوە سەرکێشترینیان بوو. ڕەیوەندی هاوچەرخی موعتەزیلە، حەنبەلییەکان، شیعە، زەندیقەکان، بێدینەکان، فەیلەسووفان و ئەهلی کەلام و تەواوی جۆرە جیاوازەکان بوو، کاریگەرییان لەسەر دانا و ئەویش کاریگەریی هەبوو لەسەر قوتابخانەکانیان، ڕێبازەکانیان و شێوازی بیرکردنەوەیان». (١٣)

ڕەیوەندی وێڕای هەوڵەکانی، نە ڕێبازی تایبەت بە خۆی هەبوو نە قوتابیش، بۆیە وەک کەسێکی بێ پشتوپەنا، بە ئاشکرا بێجگە لە ئیبن خەلەکان و شەریف ئەلمورتەزا، نە فەیلەسووفێک، نە ڕۆشنبیرێک و نە دەسەڵاتدارێکیش لە سەردەمەکەی خۆیدا بوێری ئەوەیان هەبوو بەرگری لێ بکەن. هەڵبەت ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە سەردەمێکی تاریکی پڕ لە زەبروزەنگ و توندوتیژیدا دەژیان، نزیک کەوتنەوە لەو بابەتە یاریکردن بوو بە ئاگر، هیچ ئومێدێک بە چاکسازی نەمابوو، ئەوەتا لە ڕۆمانەکەدا یووسفی ڕەحال بە نائومێدییەوە بە ڕەیوەندی دەڵێت: «گەڕان بەدوای ڕاستیدا هیچ سوودی نییە، چونکە نایدۆزیتەوە، ئەگەر بیشیدۆزیتەوە، ئەوە دەکوژرێیت».

شیرین بانووی دایکی دووەمی ڕەیوەندیش پێی دەڵێت: «ئەگەر دەتوانیت بڕۆ دوور بکەوە، سەربازانی والی لە گشت شوێنێکن، نرخێکی واشیان لەسەر سەرت داناوە، خودان دەروونە نەگریسەکان مرخیان خۆش کردووە و چاویان تێبڕیوە، پێش ماوەیەک لێرە بوون، لێت دەگەڕان»، تا دەگاتە ئەوەی پێی بێژێت: « ناڵێم هەڵبێ و بێدەنگ بە، بەڵکوو بنووسە و بەردەوام بە، گاڵتە بە گەوجی و گەمژەیی و درۆکانیان بکە، ڕەنگە ئەمڕۆ دژمانت پێ بدەن و بەردەوام بن لە جوێندان پێت، تەنانەت دوای مردنیشت و بۆ هەتا هەتا، زۆر گرینگ نییە ستایش بکەن، یان دژمان بدەن، گرینگ ئەوەیە تۆ وەک ویستت ژیایت و بڕوات بەوە هێنا خۆت دەتویست».

«لە بڵاوکردنەوەی ئیلحاد و زەندەقەدا، کەس بە ئەندازەی ڕەیوەندی توند نەڕۆیشتووە، ئیبن ڕەیوەندی سەبارەت بە مردن، تیۆریی ئێپیکۆر دەخاتە ڕوو و پێی وایە: «تا من هەم، مردن نییە و کاتێکیش مردن هات، من نیم»». (١٤)

زۆربەی کتێبەکانی (سەرجەم کتێبەکانی بە ١١٤ کتێب دادەنرێن) دوای ئەوە هەموویان لەناوچوون، (کە زۆربەیان بەدەستی ئەنقەست بوون)،

هەوادارانی، هەندێکیان ڕزگار کرد، نەیارەکانیشی بەبێ ویستی خۆیان، بوونە هۆکاری پاراستنی زۆربەی کتێبەکانی، تا لە کاتی وەڵامدانەوەدا ناچاری بەڵگەهێنانەوە بوون، دەقەکانی بە نموونە بە تەواوی بهێننەوە.

د.عەبدولڕەحمان بەدەوی، دیارترین بەرگریکار لە ئیبن ڕەیوەندی لە سەردەمی نوێدا، دەڵێت: «ئیبن ئەلڕاوەندی عەقڵانییەک بوو پێش سەردەمی خۆی کەوتبوو، بەڵام ئەوەی لە بیرۆکەکانی گەیشتووەتە دەستمان تەنیا ئەو شتانەن کە لە کتێبەکانی وەڵامدانەوەیان گوێزراونەتەوە، ئەمەش وادەکات حوکمدان لەسەری یەقین نەبێت».(١٥)

کتێبەکانی ڕەیوەندی بەر لە جیابوونەوەی لە موعتەزیلەکان:

(الابتداء والإعادة، الأسماء والأحكام، خلق القرآن، كتاب البقاء والفناء، لا شيء إلا موجود، الطبائع في الكيمياء، اللؤلؤ).

ئەو کتێبانەشی ڕەخنە و دژەئایین بوون:

(الإمامة، فضيحة المعتزلة، القضيب (كتاب القضيب الذهبي)، التاج، التعديل والتجوير، الزمرد، الفرند، البصيرة، الدامغ، التوحيد، الزينة، اجتهاد الرأي).

لەسۆنگەی کتێبی (الدامغ)ەوە کە تووڕەیی دەسەڵاتدارانی لێکەوتەوە و بەهۆیەوە بۆ ئەهواز هەڵات و لای جوویێک وەک پەنابەر ژیا و کاری کرد، دواتریش هەر لەوێ لە تەمەنی هەشتا و چەند ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، ئەمڕۆ لە کتێبەکانی تەنیا (الابتداء والإعادة) و (الفرند) ماونەتەوە.

لەم ڕۆمانەدا «ئەبوو حەیانی تەوحیدی»ی فەیلەسووف و نووسەری گەورە وەک لایەنگیری ئیبن ڕەیوەندی دەڵێت:

ڕەیوەندی «گەورەی سەردەمەکەی خۆی بوو، بلیمەت لە نووسیندا، لە هەموو شتێکدا جیاواز لەوانی دی، ئازا، هەڵەشە، بوێر، یان ڕەنگە شێت، سەرلەبەری کتێبەکانی ونبوون، سووتێنران، دڕێنران، بە نیەتی پێشوەختە لە ناوبران، نەیانتوانی بەرپەرچی ڕایەکانی بدەنەوە، بۆیە ئەوەی نووسیبووی سووتاندیان، نەیانتوانی بە زیندوویی بەسەریدا سەربکەون، ئاواتیان خواست بە مردوویی بەسەریدا زاڵ بن، وایانزانی مەرگی کەسەکە و سووتاندنی کتێبەکانی مەرگی بیروبۆچوونەکانین، بیریان چوو هزر ژیانی بە بەردا دێتەوە و درەوشاوەتر دەبێت، ئەگەرچی جەستەی هەڵگرەکەشی مردبێت، خەڵک دەمرن و سەرتاپای گەردوونیش دەمرێت، بەڵام بیرۆکە نامرێت».(١٦)

بەداخەوە هێندە زانیاری لەسەر ژیانی ڕەیوەندی لەبەردەستدا نییە، بێجگە لەوەی ژیانی پڕ لە تەمومژە و دوور نییە بۆ ڕێونی ناوی خۆیشی گۆڕیبێت، تەنانەت دەگوترێت لە دۆخێکی تەمومژاویدا گیانی لەدەست داوە، گۆڕەکەشی دیار نییە، هەندێکیش دەڵێن کوژراوە، بێگومان ئەمە ئەنجامی ڕەخنە و هەڵوێستەکانی بووە.

* * *

کورتەیەک دەربارەی ژیانی نووسەری ڕۆمانی «زەندیقەکەی بەغدا»، جەعفەر ڕەجەب: ساڵی ١٩٦١ لە وڵاتی کوێت لەدایک بووە.

بەکالۆریۆسی لە فەلسەفە، لە زانکۆی کوێت بەدەست هێناوە.

لە ڕۆژنامەی «الرأي»ی کوێتی کاریکاتێریستە و ساتیرەوتاریش دەنووسێت ١٩٩٦- ٢٠١٦.

بەرهەمەکانی:

- الحب من أول رسمة - خۆشەویستی لە یەکەمین نیگارەوە (کاریکاتێر)
- انا أفكر اذن انا مقتول- من بیردەکەوە، کەواتە من کوژراوم (کاریکاتێر)

**- تحت الحزام- لەژێر ناوپەنچکەوە (ساتیرە وتار)**

**- تیس في ستارباکس- تەگەیەک لە ستارپاکس (ساتیرە نۆڤلێت)**

**- مجرد حقيبة في المطار- تەنیا جانتایەک لە فڕگەدا (کۆمەڵەوتار)**

**- کلب الرئيس- سەگەکەی سەرۆک (کۆمەڵەوتار)**

**- زندیق بغداد- زەندیقەکەی بەغدا (ڕۆمان)**

**- تفاحة وشجرة وورقة بيضاء- سێوێک و درەختێک و کاغەزێکی سپی (پێشەکییەک بۆ فەلسەفە).**

**چالاکە لە بواری ڕاگەیاندن و سیاسەتدا. خۆی دەڵێت: هەموو جار کە خۆم دەناسێنم، دەنووسم: نیگار دەکێشم و دەنووسم، لە دنیادا مەبەستی دیم هەن و... بەس.**

**سەرچاوەکان:**

١ - جعفر رجب. زنديق بغداد. هذا ما رواه ابن الريوندي. منشورات تكوين. الكويت، ط٣، ٢٠٢٣.

٢ - مەریوان قانع، دین و دونیا، سلێمانی ٢٠١٠ ل٨٨.

٣ - هەمان سەرچاوە، ل٨٨.

٤ - مەریوان قانع، دین و دونیا، ل٩٠.

٥ - فوئاد مەجید میسری، کۆمەڵگا لە سایەی دەوڵەتی خەلافەتدا، چ٣، سلێمانی ٢٠٠٥.

٦ - د. عبدالحسین زرین کوب، دوو سەدە بێدەنگی، وەرگێڕانی: قادر بیستانی، ٢٠٢١، ل٥١٥.

٧ - فوئاد مەجید میسری، کۆمەڵگا لە سایەی دەوڵەتی خەلافەتدا، چ٣، سلێمانی٢٠٠٥، ل٧٨.

٨ - باقر یاسین، مێژووی خوێنڕێژی لە عێراقدا، وەرگێڕانی: سەباح ئیسماعیل، ناوەندی ٧، غەزەلنووس، سلێمانی، ٢٠١٩ ل١٨٧.

٩ - باقر یاسین، مێژووی خوێنڕێژی، ل١٨٩.

١٠ - فوئاد مەجید میسری، کۆمەڵگا لە سایەی دەوڵەتی خەلافەتدا، چ٣، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٢٤٩.

١١ - باقر یاسین، مێژووی خوێنڕێژی، ل٢٣٠.

١٢ - أحمد الصراف. دسمان نيوز - القبس، ٢٠٢٢/٠١/٢٣.

١٣ - د.عبدالامير الاعسم، تاريخ ابن الريوندي الملحد، دار الافاق الجديدة، بيروت، ١٩٧٥، ص٧-٨.

١٤ - ویکی پدیا، دانشنامەی آزاد (ابن راوندی).

١٥ - ويكيبيديا، الموسوعة الحرة (ابن الراوندي).

١٦ - جعفر رجب، زنديق بغداد، منشورات تكوين، الكويت، ط٣، ٢٠٢٣، ص١٧.